# شوناسی داتاشێنراو وەک لەمپەر لەبەردەم چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە عێراق و سوریا

پ.ی.د.ئاریان رەئوف عەزیز
Aryan.raof@garmian.edu.krd
زانکۆی گەرمیان -بەشی یاسا

پ.ی. سکالا حسین حمە امین
skala.amin@yahoo.com
زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان – پەیمانگەی تەکنیکی کەلار

د.ڕێبوار رؤوف حمەصالح
rebwar.salih@uoh.edu.iq
زانکۆی هەڵەبجە –سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

لەدوای جەنگی دووەمی کەنداو، دەرئەنجامی پاڵپشتی نێودەوڵەتی دەرفەتێک بۆ کورد لە عێراق هاتە بوون کەبتوانێت لە کوردستانی عێراق حوکمرانی خۆی بکات لە جوگرافیایەکی دیاریکراو پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ رابگەیەنێت، و لەچوارچێوەی سەروەری عێراقدا وەک کیانێکی دیفاکتۆ خۆی بسەپێنێت. لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەعسیەکان لە ساڵی ٢٠٠٣, گۆرانکاری جەوهەری لە سیستمی سیاسی وفۆرمی حوکمرانی عێراق هاتەبوون. ئەمەش دەرفەتێکی مێژووی گرنگ بوو بۆ کورد، چونکە ئەو زەمینەی بۆ رەخسا لە چوارچێوەی دەستوری ٢٠٠٥ بەرگێکی یاسایی بدات بە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام سەرەرای گورانکاری لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسیو فۆرمی حوکمرانی لە عێراق کەچی تاکو ئێستا کورد لە ململانێیە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانەی لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ نوسراون. لەلایەکی تریشەوە لە دوای روخانی رژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ ئەگەر چی بە وێنە گشتیەکە گەلانی سوریا رزگاریان بوە لە دەستەڵاتێکی ستەمکار، بەڵام ئاماژەکان ئەوەمان پێناڵێن کە ئەم دەسەڵاتەی ئێستای سوریا لە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد زیاتر باوەری بە مافی کەمینەکان ئێتنی و ئاینی و مەزهەبیەکان هەبێت، هەربۆیە بەرێوەبەرایەتی خۆسەر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا (رۆژئاڤا) لە بەرەنگاری بونەوەیەکی سەختە لەگەڵ بەشێک لەو هێزانەی لە ئێستادا حوکمرانی سوریا دەکەن لە دیمەشق.

ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر (شوناسی سەپێنراو) کە بریتیە لە هەوڵی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی هەردوو حزبی بەعث لە عێراق و سوریا بۆ لە قاڵبدانی شوناسی کورد لە چوارچێوەی ناسیونالیستی عەرەبی، لەبەرامبەردا کورد هەمیشە لەبەرگریکردن بوە دژ بەئەو سیاسەتی لە قاڵبدانە لە ماوەی فەرمانرەوانی ئەو دوو رژێمەی بەعسدا. هەربۆیە جەوهەری سەرەکی ئەم توێژینەوەکە تیشک دەخاتەسەر (شوناسی داتاشێنراو) کە خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ مامەڵەکردنی حکومەتی فیدراڵی لە عێراق و بە دیاریکراوی گروپ و پارتە شیعەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو شوناسەی کە خۆیان دایانتاشیوە . کە دەبێت لەچوارچێوەیەی ئەو شوناسە مامەڵە لەگەڵ کوردا بکرێت, کە درێژکراوەی (شوناسی

سەپێنراوە)، بەڵام بە ئامرازی تر پیادەدەکرێت. لە هەمان دۆخدا ولە چوارچێوەی (شوناسی داتاشێنراو) هەمان مامەڵە لەلایەن ئیدارەی نوێ وگروپە چەکدارەکان لە سوریا لە دوای ساڵی ٢٠٢٤ بەرامبەر شوناسی کورد پیادەدەکرێت لە رۆژئاڤا – بەدی دەکرێت.

**کلیلە وشە** : شوناسی داتاشراو، شوناسی سەپێنراو، ناسیونالیستی عەرەبی ، شوناسی کورد ، هەرێمی کوردستان، رۆژئاڤا.

**پێشەکی**

شوناس یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لە دیاریکردنی ئاستی ململانێ و گەشەسەندنی وڵاتانی فرە کەلتور، چونکە لە وڵاتێکی فرە کەلتور شوناسی جیاواز هەن . ئەوەی وادەکات لە وڵاتێکی فرە شوناس ئیتنی کە ململانێکان ئارام بکاتەوە، بریتی یە لە هاوبەشی کردن لە شوناسێکی باڵاتر ئەویش شوناسی نیشمانیە بەبێ ئەوەی پێویست بکات گروپە ئیتنیەکان دەستبەرداری شوناسی ئیتنی خۆیان بن . بەپێچەوانەی شوناسی نیشتمانی بەشێک لەوڵاتان، گروپی ئیتنی زاڵ لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەرگێکی نیشتمانی بە شوناسی خۆیدا بدات و بیسەپێنێت بەسەر گروپە ئیتنییەکانی تردا، ، وە ناچاریان بکات وابەستە بن پێوەی وجۆرێک لە توانەوەی شوناسی ئەوانی تر بهێنێتە ئاراوە. ئەم هەنگاوەش لەرێگەی کۆمەڵێک رێکار و ئامرازەوە ئەنجام دەدرێت کە هەندێکیان ئامرازی توندوتیژن. دەرئەنجام ئەم سەپاندە دەکرێت گروپە ئیتنیەکانی تر روبەروی ببنەوە چونکە وەک هەرەشەی دەزانن لەسەر شوناسیان، هەربۆیە دەرئەنجامی ئەم ململانێیە نائارامی و ناسەقامگیری رووبەروی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەبێتەوە.

بەهۆی ململانێ و روبەروبونەوەی گروپە ئیتنیەکان بەرامبەر گروپی ئیتنی زاڵ، هەندێک جار هەوڵی گۆرینی ئامرازەکانی سەپاندنی شوناسی زاڵ دەدرێت بەناچاری بۆ هێورکردنەوەی ململانێکان، و بە شێوازی تر مامەڵە لەگەڵ گروپە ئیتنیەکانی تردا دەکرێت. ئەم گۆرانە بنچینەیی نیە بەڵکو روکەشیە و چونکە جۆرێک لە شوناسێکی داتاشێنراو بەرهەم دەهێنرێت لەلایەن گروپی ئیتنی زاڵەوە بۆ گروپە ئیتنیەکانی تر هەیە کە درێژکراوەی شوناسی سەپێنراوە بەڵام لەرێگەی ئامرازی ترەوە پیادە دەکرێن.

کورد لە عێراق و سوریا لە ئەم دۆخی ململانێیەدا لە نێوان شوناسی زاڵ و گروپە ئیتنیەکاندا دەژی، جا چ لە قۆناغی دەسەڵاتی بەعسیەکان بێت کە هەوڵی سەپاندنی شوناسی عروبەیان دەدا، یاخود لە دوای روخانی دەسەڵاتی بەعسیەکان کە جۆرێک لە شوناسێک بۆ کورد داتاشێنراوە.ئەم توێژنەوە بەدواداچون دەکات بۆ ئەم ململانێیە لە نێوان شوناسی زاڵ بەرامبەر بە شوناسی ئیتنی کورد لە عێراق و سوریا.

هەربۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کە شیکاریەک بکات بۆ ئەو ململانێیەی کە لە نێوان شوناسی زاڵ لە عێراق و سوریا لەگەڵ شوناسی ئیتنی کوردا هەیە، کە ئەگەرچی سیستەمی سیاسی لەم دوو وڵاتەدا گۆرانکاریان بەسەردا هاتوە بەڵام کێشە و ململانێکان بەردەوامیان هەیە. ئەم شیکاریەش لە رێگەی شوناسی سەپێنراو و شوناسی داتاشێنراوەوە دەخاتە روو.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە خوێندنەوەی نوێ دەخاتە روو بۆ لێکۆڵینەوە لەو ململانێیانەی کە لە نێوان کورد و گروپی ئیتنی زاڵ لە عێراق و سوریادا هەیە، وە لە رێگەی شیکاریکردنی ئەو ململانێیانەشەوە، ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی نوێ بۆ توێژەران.

sjh@univsul.edu.iq

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەو پرسیارەدا دەبینێتەوە کە :ئایا ئەو ململانێ و روبەروبونەوەیەی کە لە نێوان شوناسی زاڵ لە عێراق و سوریادا لەگەڵ شوناسی ئیتنی کوردا هەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەو شوناسە داتاشێنراوە بۆ کورد لەلایەن شوناسی زاڵ لە هەردوو دوەوڵەتەکەدا؟

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەو پرسیارەدا دەبینێتەوە کە :ئایا ئەو ململانێ و روبەروبونەوەییانەیەی کە لە نێوان شوناسی زاڵ لە عێراق و سوریادا لەگەڵ شوناسی ئیتنی کوردا هەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەو شوناسە داتاشێنراوە بۆ کورد لەلایەن شوناسی زاڵ لە هەردوو دوەوڵەتەکەدا؟

توێژینەوەکە هەوڵی پشتراستکردنەوەی گریمانەکەی دەدات کە دەڵێت: شوناسی داتاشێنراو لەمپەری سەرەکیە لە بەردەم چارەنەسەرکردنی ململانێکانی نێوان شوناسی زاڵ لە عێراق و سوریا لەگەڵ شوناسی ئیتنی کورد.

ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی ململانێی شوناس پشت بە رێبازی شیکاری-وەسفی و رێبازی بەراوردکاری دەبەستێت، بە ئامانجی بەراوردکردنی دۆخی کورد لە عێراق و سوریا. توێژینەوەکە لە رێگەی سەرچاوەی دۆکیومێنتاری و ئەکادیمییەوە هەوڵ دەدات گریمانەکەی بسەلمێنێت، کە "شوناسی داتاشێنراو" هۆکاری سەرەکیی بەردەوامیی کێشەکەیە.

پەیکەری ئەم توێژینەوە خۆی لە سێ بەشدا ئەبینێتەوە، لە بەشی یەکەمدا تیشک دەخرێتە سەر لایەنی تیوری باسەکە، بەڵام لەبەشی دووەمدا باس لە سەپاندنی شوناسی عروبە دەکات بەسەر شوناسی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعس لە عێراق و سوریا، لە بەشی سێەمدا تیشک دەخاتە سەر ئەو شوناسە داتاشێنراوەی کە لە لایەن گروپی ئیتنی زاڵ لە عێراق و سوریادا بڕاوەتە سەر شوناسی کورد، لە هەمانکاتدا تیشک دەخاتە سەر ئامرازەکانی ئەو شوناسە و هەوڵەکانی کورد بۆ روبەروبونەوەیان.

**بەشی یەکەم / لایەنی تیوری توێژینەوەکە**

**یەکەم ـ پێناسەی شوناس و ئاڵۆزییەکەی**

شوناس دیاردەیەکی ئاڵۆزو فرە رەهەندە وەک سەرجەم چەمکەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە روانگەی جیاوازەوە پێناسەی بۆکراوە وپێناسەیەکی گشتگیر و روونی نیە، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی تێکەڵ کردنی واتاکەی لەگەل چەمکەکانی تری وەک نەتەوە پرسەکەی ئاڵۆزترکردوە وە لێکۆڵینەوەلێ ئاسان نییە،لەم بارەیەوە ستیفن لوان (Stephen Iwan) ئاماژە بەوە دەکات کە نەک هەر دەرکەوتەکانی شوناس وناسیۆنالیزم و نەتەوەیی بەربڵاو و ئاڵۆزن، بەڵکو ئەدەبیاتێکی زۆر گەورە و دژبەیەک لەو بوارەدا هەیە، کە بەرهەمی کۆمەڵناس و فەیلەسوف و مێژوونووسان و زانایانی سیاسی یە. ئەمەش شتێکی ئاساییە، بە لەبەرچاوگرتنی پانتایی وگشتگیر و گرنگی بابەتەکە(Griffiths، 1993، 11). هەربۆیە هەوڵ ئەدەین لەم توێژینەوەدا زۆر رۆنەچینە ئەم ئالۆزیە، لە گرنگی و رۆڵی شوناس و ئەو دوو چەمکەی مەبەستمانە باسەکەمان قەتیس بکەین.

شوناس رەنگدانەوەی روکەش و توانا رەمزیەکان وهەستی ناسینی بەرهەمهێنانی کردارە لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەی کە لە هەر ساتێکدا لەلایەن ژینگە و پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە دەسەپێنرێت بەسەریدا. پێوەرە دیاری کەرەکانی ناسنامە بریتین لە (بەردەوامی )بە تێپەڕبوونی کات و (جیاوازی لە ئەوانی دیکە) کە هەردوو پێوەرەکە توخمە بنەڕەتییەکانی شوناسی ئیتنی و نیشتمانین(Berdún i، 2007، 11).

پێوەری بەردەوامی لە وێناکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە یەکەیەکی رەگداکوتاوی مێژوویی سەرچاوە دەگرێت کە بۆ داهاتوو هەنگاو دەنێت. تاکەکان ئەم بەردەوامیە دەرک پێدەکەن لە رێگەی کۆمەڵێک ئەزموونی باو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کە مانایەکی هاوبەشیان هەیە کە کەسی تر لێیان تێناگات تەنها ئەوانە نەبێت کە هاوبەشیان هەیە. بەڵام پێوەری (جیاوازی)

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هۆشیاری پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی جیاوازە بە کلتورێکی هاوبەش سەرچاوە کە ی ڕابردوو و هێما و سیمبوڵ و نەریتێکی هاوبەشی هەبێت، کەپەیوەستە بە خاکێکی سنووردارەوە(Berdún i،2007 ،11).

**دووەم – جۆرەکانی شوناس**

لەبارەی جۆرەکانی شوناس یەل تامیر (Yael Tamir) هێڵێک دەکێشێ لە نێوان فۆرمەکانی شوناس وناسیۆنالیزمدا- ئەوانەی کە هەست و سۆزی کلاسیکیەکان پاڵنەریانە وە ئەوانەی کە بنەمای عەقڵانی(دیموکراسی لیبراڵ) پاڵنەریانە بە بناغەی جیاکردنەوەی شوناسی ئیتنی نەتەوە یی -ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و شوناسی نیشتمانی -مەدەنی (ناسیونالیزمی لیبراڵ)دایدەنێت. هەرچەندە ئەم دوو فۆرمەی شوناسە لە ڕووی تیۆریەوە جیاوازن، بەڵام لە واقیعدا سنووری نێوانیان ڕوون نییە (Tamir،2019 ،419).

شوناسی نیشتمانی - مەدەنی واتە دەسکەلابون بۆ شوناسێک کە لەسەر بنەمایەک خۆی ڕاگرتوە کە کۆمەڵێک بەهای سیاسی و ئینتمایی هاوبەشە بۆ دەوڵەتێک کە بوونی هەیە یان چاوەڕوان دەکرێت ئەو دەوڵەتە دامەزرێت. بەڵام شوناسی ئیتنی نەتەوەیی - ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی ئاماژەیە بۆ شوناسێکی کۆمەڵەیەك کە لە دەوری ئەفسانەی بنەچەیەکی بایۆلۆژی هاوبەش دەسوڕێتەوە کە درێژکراوەی بنەمای خزمایەتییە لە کۆمەڵگەی گەورەتردا(ڕوشفالد، ٢٢٤،٢٠١١).

شوناسی ئیتنی نەتەوە یی بە گشتی پێناسی کۆمە ڵگایەک دە کات کە هە لگری کۆمە ڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبە ت بە خویانن و وا هە ستیش دە کە ن کە سە ر بە یە ک ڕە چە ڵە کی هاوبە شن و خاوەنی کولتوور و زمان و مێژوویەکی هاوبە شیشن، هە روە ها ڕەمز و سیمبوڵی تایبە ت بە خۆیان هە یە لە جوگرافیایەکی دیاریکراو دە ژین و باوە ڕیان بە مێژوویە ک هە یە کە سە رە تای پە یدابوونی گروپە ئیتنییە نەتەوەییەکە دیاری دەکات لەگەڵ کۆکبوون لە سە ر دوارۆژ و چارە نووسێکی هاوبە ش(کرمانج، ٤٩،٢٠١٧). بە واتایەکی تر، گرووپێکی ئیتنی نەتەوەیی خاوەن ئەجێندای سیاسییە کە پێش نەتەوەیی دێت . لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکەیە، هەر ئیتنی نەتەوەییەک دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕووی سیاسییەوە کۆبکرێتەوە پێش ئەوەی بتوانێت ببێتە نەتەوە، و کۆکردنەوەی سیاسیش خۆی لەجۆرێک لە ئامانجی دەستەجەمعی دەبینێتەوە بۆ دانپێدانانی وەک شوناسی ئیتنی نەتەوەی(Joireman،2003،12 ).

مێژوو دەریخستووە کە دەتوانرێت شوناسی ئیتنی نەتەوەیی وەک یەکێک لە بەهێزترین ئامرازە سیاسییەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک یان ئەندامانی کۆمەڵگەیەک بەکاربهێنرێت. هەروەها بە درێژایی مێژوو شوناسی نەتەوەیی سەلماندوویەتی کە کاریگەری لەسەر زۆر لایەنی ژیان هەیە، سەرەڕای جیهانگیری(Windari،2021،82).

لە لایەکی ترەوە جیاوازی هەیە لە نێوان شوناسی ئیتنی نەتەوە یی و شوناسی نیشتمانی بۆنمونە هەڵوێستی جیاواز بەدی دەکەین بەرامبەر فرە کلتوری و قەبوڵکردن و بەشداریکردن بە گروپە ئیتینەکانی تر. شوناسە ئیتنیەکان مەیلیان هەیە کە بۆ یەکخستنی ئیتنی وتەفزیلکردنی ئامێزانی ئیتنی، وهەڵوێستی دژە فرە کولتوری، باڵادەستی ئیتنی. ( Windari،2021،82&83). بەمانایەکی تر شوناسی نیشتمانی هە لگری زۆربە ی ئە و خە سلە تانە یە کە شوناسی ئیتنی نە تە وە یی هە یە تی بە جیا لە وە ی کە هەڵگرانی شوناسێکی نیشتمانی مە رج نییە سە ر بە یە ک ڕە چە ڵە ک بن دە بێت زمانێکی ها و بە شیان هە بێت بە لام مە رج نییە هە موویان بە یە ک زمان قسە بکە ن دە کرێت کولتوورێکی ها و بە شیان هە بێت بە ڵام مەرج نییە هە موویان سە ر بە یە ک گروپی کولتووری بن. شوناسی نیشتمانی بە گشتی دە درێت بە کە سانیک کە ها ووڵاتیی دەوڵە ت نەتەوەیەکە بن و شوناسێکی جێگیریش نییە و ە ک شوناسی ئیتنی نەتەوەیی بەڵکو شوناسێکی نە رم و شل و گۆران هەڵگرە، واتە دینامیکییە(کرمانج، ٤٩،٢٠١٧). هەربۆیە شوناسی نیشتمانی بەسوودە بۆ پەرەپێدان و پاراستنی هاوسۆزی و هاودەنگی لە نێوان هاووڵاتییاندا، چونکە ناسنامەی نەتەوەیی دەتوانێت هاودەنگی لە

sjh@univsul.edu.iq

نێوان هاونیشتمانییەکان دروست بکات و بەهێزی بکات و ئەندامانی هەمەچەشنی وڵات یەکبخات.( Windari،2021،82&83).

لە گۆشەیەکی ترەوە زۆرجار شوناسی نیشتمانی یان ناسیۆنالیزمی مەدەنی وەک ئاماژەیەک بۆ دیموکراسی و سەقامگیری سەیر دەکرێت، لە کاتێکدا شوناسی ئێتنی نەتەوە یی یان ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی وەک ململانێ و ئاژاوە ووەک ڕەگی ناسەقامگیری سیاسی و شەڕ و ئابووریی لەرزۆک و شکستی گشتی لە گەیشتن بە دیموکراسی لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا سەیر دەکرێت(Kamusella،35 .2017 ). لە لایەکی ترەوە ئەگەر ناسیۆنالیزمی لیبراڵ بە لێبوردەیی و تەنانەت هاندانی ناسنامە کولتوورییە جۆراوجۆرەکان لێکبدەینەوە، وە دامەزراوە لیبراڵەکان نەک کولتوور وزەمینی ئارام و ئاسایش دەرمخسێنن بۆ ناسیۆنالیزمی مەدەنی(Jonathan S،2000،114 ).

هەر پەیوەست بە شوناس شێرکۆ کرمانج ئاماژە بە دووچەمکی تر ئەکات ئەوانیش (دەوڵەتسازی و نیشتمانسازیە، یەکەمیان دە وڵە تسازی واتە دروستکردنی داموودە زگاکانی دە وڵە ت بە هە رسێ دامە زراوە سە رە کێیەکەی دە وڵە ت، بەڵام نیشتمانسازی فراوانترە بەکورتی کار کردن و درێژە دانە بە پرۆسە ی دروستبوونی نە تە وە و دە وڵە تسازی بە لام بۆ ئاستیکی بە رزتر کە کۆڵەکە کە ی لە سە ر چە مکی هاووڵاتیبوون و ئە رک و مافە کانی هاوولاتی و بە رپرسیارێتیە کانی دە وڵە ت و هاووڵاتی دانابێت. هەروەها ئەو هە وڵانە ش دە گرێتە وە کە لە لایە ن دە وڵە ت و کۆمە ڵگە ی مە دە نییە وە دە درێن بۆهەرچی زیاتر لێکنزیککردنە وە ی گرووپە ئێتنیە –نەتەوەیەکان کە لە سنووری دەوڵەتەکە وهەرێمەکە دەژین بەم لیکنزیککردنەوە یە ش دە گوتریت ئامێزان(Integration) مە بە ست لە ئامێزان توانە وە نیە (Assimilation) . ئامێزان نابێت ببێتە مایە ی لە ناوبردنی جیاوازییە کان، چ سیاسی بن چ کولتووری و چ ئایینی مە بە ستی سە رە کی لە نیشتمانسازی سە قامگیریی سیاسی و فە راهە مکردنی دادی کۆمەڵایە تییە بە چە سپاندنی یە کسانی و لە خۆگرتنی گرووپە ئێتنیە جیاوازە کان(کرمانج، ٤٩،٢٠١٧).

**سێیەم – شوناسی سەپێنراو و شوناسی داتاشێنراو**

سەرەرایی خستە رووی ئەو باسانەی مە چەمکی شوناس و هەروەها چەمەکانی شوناسی ئێتنی و شوناسی نیشتمانی و نیشتمان سازیمان خستە روو لە سۆنگەی ئەو چەمکانە پێویستە ئاماژە بە (شوناسی سەپێنراو و شوناسی داتاشێنراو) بکەین وەک تەوزیفکردیان بۆ کرۆکی توێژینەوەکەمان.

شوناسی سەپێنراو بریتیە لە هەوڵی دەسەڵاتە ناسیونالیستەکان بۆ کۆنترۆڵکردن و لە قاڵبدان و تواندنەوەی شوناسی گروپە ئێتنیە جیاوازەکانە لە شوناسی زاڵ لەدەوڵەتەکەدا بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەژادی یەک ئێتنی یان شوناسێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دروست بکەن لەسەر حسابی گرۆپە ئێتنیەکانی تر بە ئامراز و رێکاری جیاواز کە لە چەند حاڵەتێکدا ئەو رێکارانە سیمایەکی شەڕانگێزانە و سەرکوتکارانەیان هەیە، لەوانەش تواندنەوە (ئاسمیلەکردنی) زۆرەملێ ولە ناوبردنی بەکۆمەڵ، بۆ ئەوەی دەستبەرداری ناسنامە کولتوورییەکانیان بن و ناسنامەی نەتەوەیی باڵادەست وەربگرن.

ئەم سەپاندنە زۆرجار کاریگەری قووڵی لەسەر کۆمەڵگە ئێتنیەکە هەیە کە شوناسێکی زاڵی بەسەردا سەپێنراوە، بۆنمونە کاریگەری لەسەر پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و دەرفەتەکان و مافەکانیان هەیە.

هەربۆیە دەتوانین بڵێن کاریگەریەکەی لە چەند لایەنێکەوەیە:

1 - تواندنەوەی تەواوەتی لە شوناسی زاڵ: سەپاندنی شوناسی زاڵ دەبێتەهۆی لە ناوچون یان لاوازبون یان وەرینی ناسنامەی ئێتنیە. کاتێک ناچار دەکرێن خۆیان لەگەڵ گرووپێکی نەتەوەیی زاڵدا بتوێننەوە، لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆی هەستکردن بە نامۆبوون ولەدەستدانی سەربەخۆیی.

2 - بەرگری وخەبات وناسەقامیگیری: هەستکردنی گروپی ئیتنی نەتەوە بەوەی گروپی ئیتنی زاڵ کە هەوڵی تواندنەوە و بەدەرکردنی ئەدات هەوڵی بەرگری لا دروست ئەبێت، لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا سەپاندنی شوناسی نەتەوەیی دەتوانێت دابەشبوونەکانی نێوان گروپە جیاوازەکان گەورەتر بکات چونکە نە لەناو نەتەوەی باڵادەستدا بە تەواوی وەرگیراون و نە توانای ئەوەیان هەیە هەستی تەواوی ناسنامەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەی خۆیاندا دەرببڕن، ئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامیگیری(Martel،2023، 4 )، چونکە ناسە قامگیری بە گشتی کاتیک دیتە پێش کە گروپێک لە گروپە کانی کومە ڵگە وە دە ر بنرێت ( (Excluded) یان بە نایە کسانانە مامە ڵەی لە گە ڵدا بکرێت جا ئە م گروپە چ گروپێکی نە تە وە یی ئایینی کولتووری بێت یان سیاسی ( کرمانج،٢٠١٧، ٥٢). دەرئەنجامی ئەم ناسەقامگیریەش گروپە ئیتنیەکە روبەروی ئە گە ری جیاجیای هە رە شە دە بنە وە کە بریتیین لە : کۆچکردن (migration) ململانێی ئاسۆیی (horizontal) ململانیی ستونی(vertical) و راگواستن (depopulation). (واتسن، ٢٠٠٨،٢٠٦)

3 - رێگری لە گەشەسەندن: سەپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی دەتوانێت رێگری لە گەشەسەندنی کۆمەڵگا بەگشتی بگرێت. کاتێک کە گروپە نەتەوەییەکان نا یەکسان و جیاواز لە یەکتر مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت، پەروەردەکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش لەسەر بنەمای بنەماکانی هەمەجۆریی و لێبوردەیی و ڕێزگرتنی یەکتر قورستر دەبێت. جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی دەتوانێت هەوڵەکان بۆ بنیاتنانی دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تێکبدات، بەمەش رێگری لە گەشەپێدان دێنێتەکایەوە .

دوای خستە رووی شوناسی سەپێنراو پێویستە ئاماژە بە شوناسی داتاشێنراو بکەین، شوناسی داتاشێنراو بریتیە لەو پرۆسیسیەی کە لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتەوە کە ناچاری ئەندامانی گروپێکی ئیتنی دەکات کە پابەند وابەستە بن بەو وێناکردنە شوناسیەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە پێش وەخت بۆیان داتاشێنراوە، ئەگەر چی ئەو وێناکردنە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کەسی یان کولتووری خۆیان نیە بەڵکو پێچەوانەیەتی و تەناتەن دژیەکیشە، بەڵام دەبێت بەوشێوەی بناسرێ، و لەو چوارچێوەی ئەو شوناسەی کە دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆیانی داتاشیوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. هەربۆیە شوناسی داتاشێنراو رەهەندی ئیختیاری نیە بەڵکو جۆرێکە لە پرۆسەی سەپاندنی شوناس بەڵام لە بەرگێکی تر و بەئامرازی جیاوازتر کە تارادەیەک رێکارەکانی نەرمترە، و ئەگەر شەرانگێزیش بێت هەوڵ ئەدات لە رێگە بریکارەکانیەوە پیادەی بکات.

**بەشی دووەم -سەپاندنی شوناسی عروبە بەسەر کوردا لە عێراق و سوریا**

لەسەرەتایی بنیات نانی دەوڵەتی عێراق و سوریا هەوڵی خزاندنی کوردیان بۆ شوناسێکی بەرینتردا، کە هەمیشە ئیدعای ئەوەیان کردوە کە شوناسێکی نیشتمانیە. دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی پادشایەتی لە عێراق ئەم پرۆسەیە بەردەمی پێدرا و لە دوای هاتنە سەرتەختی بەعسیەکان پرۆسەکە توندتر و ئاڵۆزتر بوو، چونکە بەعسیەکان هەڵگری شوناسێکی ناسۆنالیستی توندرەو بوون کە ئەویش عوروبە بوو، و سیمبوڵی ئەم پروسیسە (یەکێتی عەرەبی بوو) کە بڕوای وا بوو کە دەبێت هەر شتێک لەمپەر بێت لەبەردەم ئەم تێفکرینە دەبێت لابرێت، هەربۆیە لەم قۆناغەدا کورد لە عێراق و لەسوریایش رووبەرووی توندترین رێکارەکانی ناسیونالیستی عەرەبی بوەیەوە. بەعسیەکان لەرێگەی سەپاندنی شوناسی عروبەی هەوڵی تواندنەوەی شوناسی کوردیان ئەدا چ لە عێراق و چ لە سوریادا. بەهۆی ئەوەی هەردوو دەوڵەت متمانەی تەواویان نەبوو بەوە بتوانن شوناسی ئیتنی کورد بتوێننەوە، پەنایان بردە بەر بچوکردنەوەی جوگرافیایی نیشتەجێبونی کورد لە رێگەی راگواستن ودەرکردنی لە خاکەکەی، هەروەها هەمیشە فشاری دەخستە سەر کورد بۆ جێهێشتنی ناوچەکانی خۆی و جێگیرکردنی عەرەب لە شوێنی، هەروەها تەنانەت ناوی ناوچە راگێزاوەکانیش دەگۆری بۆ عەرەبی.

sjh@univsul.edu.iq

دەوڵەتە سەروەرەکانی ئەو ناوچانەی کورد تێیدا دەژی، کۆمەڵێک میتۆدیان بەکارهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی کورد، دەکرێ بڵێین کە توخمەکانی ناسنامەی سیاسی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا وەک یەک پاکێج لە لایەن تورکیا، ئێران، عێراق و سوریاوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە ( سیڤان سعید، ۲۰۲۲، ۱۱۲).

بە گشتی دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا بەعسیەکان پرۆسیەی سەپاندنی شوناسی عەرەبیان گرتە بەر چ لە سوریا و لە عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناسیونالیستی لەم هەنگاوەشیاندا چەندین ئامراز و رێکاری جیاوازیان گرتە بەر بۆ سەپاندنی شوناسی عەرەبی، لە خوارەوە ئەو ئامراز و رێکارانە دەخەینە روو:

1 - رێگری کردن لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و لاوازکردنی : ئەم هەنگاوە بە ئامانجی سەپاندنی یەک زمان کە ئەویش عەرەبیە و ناچارکردنی کورد بۆ فێربوونی عەرەبی ، رۆژنامە کوردیەکان قەدەغە کران و لە رێگەی پەروەردە و زانکۆکانیشەوە زمانی کوردی بەکارنەئەهێنرا، و تەلەفزیونیش تەنها بە زمانی عەرەبی بەخش ئەکرا، ئەگەرچی ئەم هەنگاوانە لە عێراقدا لە ژێر فشاری روبەروبونەوە و رێکەوتن لەگەل پارتەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەندێک گۆرانی بەسەرداهات بەڵام لە سوریا وەک خۆی پیادەکران.

2 - رێکاری کەلتوری : بەعسیەکان بۆ سرینەوەی شوناسی کوردی رێگەیان لە مەراسیم یادە کوردیەکان دەگرت بۆ ئەوەی ئەو سیمبوڵانەی کە کورد کۆ ئەکاتەوە لە بیریان بباتەوە، بۆنمونە رێگریان لە ئەنجامدانی یادی نەورۆز دەگرت و هەروەها جلی کوردیان قەدەغە دەکرد.

3 - راگواستن : یەکێکی تر لە ئامرازەکانی سەپاندنی شوناسی عەرەبی بریتی بوو لە راگواستنی کورد لە سەر ئەو جوگرافیایەی لێی دەژیا لە بەرامبەریشدا عەرەبی لە شوێنەکانین نیشتەجێ دەکرد. بۆنمونە لەسوریا لە رێگەی پیادەکردنی سیاسیەتی پشتێنەی عەرەبی (حزام العربی) لە ناوچە سنوریەکانی سوریا لەگەڵ تورکیا کوردی لە گوندەکان رادەگواست و عەرەبی لە شوێنیان نیشتەجێ دەکرد، بە هەمان شێوە لە عێراقیش لەو ناوچانەی بە ناوچەی کێشە لەسەرەکان ناسراوە گوندە کوردنیشنەکانی بە زۆر چۆڵ دەکرد و عەرەبی لە شوێنیان نیشتەجێ دەکرد، لەشارەکانیش بە هەمان شێوە هەمان سیاسەتی پیادە ئەکرد بە تایبەت لە کەرکوک و خانەقین لە عێراق و ناوچەکانی حەسەکە لەسوریا.

4 - رێکاری پێنەدان و لێ سەندنەوەی ناسنامە: یەکێکی تر لەو سیاسەتەی کە بەعسیەکان لە سوریا و عێراق پیادەیان دەکرد لێوەرگرتنەوە و پێنەدانی ناسنامە (الجنسية) بوو بە بەشێک بە کورد. بۆنمونە لە سوریا تەنها لە پارێزگای حەسەکە لە لە سەرژمێری ساڵی١٩٦٢ نزیکەی ١٢٠ کورد ناسنامەیان لێوەرگیرایەوە ئەم پرۆسەیە بووە هۆی لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون لە 120 هەزار کورد بەپێی مەرسومی٩٣ بە "بیانی تورک" هەژمار دەکران و کارتیان پێدەدرا کە هەڵگرەکانیان وەک بیانیی ناساندبوو. بوو لە هەموو مافێکی سیاسی وەک دەنگدان و هەڵبژاردن بێ بەشکرابوون هەروەها بۆیان نەبوو موڵک بە ناوی خۆیانەوە بکڕن یان تۆماری بکەن، پاسپۆرتیان پێ نەدرا تەنانەت هاوسەرگیری نێوان خۆیان یان لەنێوان خۆیان و نەتەوەکانی تردا بە یاسایی دانەئەنرا، بۆیە منداڵەکانیان زۆرێک لە مافە مەدەنییەکانی خۆیان لە دەستدابوو. بە هەمان شێوە لە عێراق کوردە فەیلیەکان لە ساڵەکانی ١٩٦٩و ١٩٧١-١٩٧٣ و ساڵی ١٩٨٠ رووبەرووی هەمان سیاسەت بونەوە و ناسنامەیان لێوەرگیرایەوە رەوانەی (تسفیر) وڵاتی ئێران کران و ماڵ و موڵکیان دەست بەسەرکرا ڕژێمی بەعس کۆمەڵێک "یاسا"ی دەرکرد کە بەهۆیەوە ڕەگەزنامەی عێراقی کوردی فەیلی تسفیرکراو (دیپۆرت) هەڵوەشاندەوە و دەستی بەسەر سەرجەم ماڵ و موڵک گواستراوە و نەگواستراو و سەرجەم پارە و وەبەرهێنان و دوکانە بازرگانی و پرۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانیاندا گرت و زۆرێکیان ی بەخشی لە پرۆسەی فەرهود.

5 - گوتاری رق لێبونەوە: یەکێکی تر لەو ئامرازانە بڵاوکردنەوەی وتاری رق لێبونەوەیە بەرامبەر کورد، لەوانەش کورد هۆکاری نائارامی عێراقە و کورد ئیسرائیلی دووەمە و ، کورد چەتە و پیاوکوژن و دواکەوتون و دەشتەکین ، کە ئەمە جۆرێک لە جەمسەرگیری لە لایەنی عەرەبی عێراقی و سوریا بەرامبەر کورد دروستکرد.

لەم بارەیەوە (دیفید موشمان) ئاماژە بەوەدەکات کە "لەم جۆرە دەسەڵاتانە خەڵک نەک بە تێروانیە سیاسەتەکانیان ناناسرێن، بەڵکو بە پۆلێن دەکرێن بۆ دوو پۆل، نیشتمانپەروەرانە یان گێرەشێوێن"

6 - وێناکردنی کورد وەك هەرەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی : بۆ ئەمەش هەمیشە چ لە سوریا و چ لە عێراق کورد وەک جوداخواز وێناکراوە و بە هەڕەشە بۆ سەر یەکریزی و سەقامگیری و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو وڵاتانە دادەنرێت کە کورد تێیدا بوونی هەیە. و سیاسیەکان و تەنانەت نوخبەی رۆشنبیریش کوردیان وەک هەرەشە لەسەر یەکپارچەی عێراق و سوریا وێناکردوە. کە ئەمەش یەکێکە لەو سیاسیەتەی کە دەسەڵاتە ستەمکارە ناسیونالیستەکان ئەیگرنە بەر لە پێناو شەرعیەت دان بە گرتنبەری هەررێگارێکی توندوتیژی و سەرکوتکردن بەرامبەر ئەو گروپە ئیتنیە.

7 - پاکتاوکردنی رەگەزی و خاپورکردنی گوندەکان: یەکێکی تر لەو رێکارانەی بەعسیەکان بەکاریان هێنا بەکارهێنانی توندوتیژی و کۆمەڵکوژی و ێرانکردنی گوندەکان بوو، بەهۆی ئەوەی عێراق نەدەتوانی گوندەکان کۆنترۆڵبکات هەربۆیە هەربۆیە پەنای بۆ وێرانکردنی گوندەکان برد و دانیشتوانەکەشی روبەروی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی بویەوە ئەم کردەیەشی لە چوارچێوەی پرۆسەکانی جینۆسایدکردن جێ بەجێ کرد، لەوانەش جینوسایدکردنی فەیلیەکان لە ساڵی ١٩٨٠ و جینوسایدکردنی بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٨٣ و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وجینوسایکردنی گوندەکان لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی بەناو (ئەنفال) لە ساڵی ١٩٨٨.

دەرئەنجامی ئەو هەوڵەی بەعسیەکان لە عێراق و سوریا بۆ سەپاندنی شوناسی عروبەی بەسەر کورد سەپاندنی نەک نەیتوانی کورد لە پرۆسەی تواندنەوەدا لە ناو بەرێت و بە تەواوەتی لاوازی بکات و ئامانجە کانی بەدی بهێنیت و ناسیونالیستی عەرەبی زاڵ بکات، بە پێچەوانەوە وای کرد کە هەستی نەتەوایەتی لای کورد بگەشێنێتەوە و بەتوندی روبەروی سیاسەتی شۆفێنی بەعس بێتەوە، چونکە پاوانخوازی وستەمکاری و سەپاندنی شوناس فاکتەری سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدان و گەشەی شوناسی ئیتنی لە نێو کورد لە عێراق، هەروەها لە ڕەتکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرامبەر شوناسی نەتەوەیی عێراقی کە شوناسێکی خۆ سەپێن بوو. ئەمەش بۆ سوریا هەمان پەرچەکرداری لای کورد دروستکرد بەڵام کەمتر کاریگەرتر بوو لەوەی کە کورد ئەنجامی دا لە عێراقدا چونکە کورد لە عێراق لە شێوەی چەکداری رووبەروی دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی بەعسیەکان بویەوە.

**بەشی سێیەم / مامەڵەکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەگەڵ شوناس لە دوای کۆتایهاتنی دەسەڵاتی بەعسیەکان لە عێراق و سوریا**

ڕژیمی بەعس لە عێراق و سوریا بۆ تواندنەوەی تایبەتمەندییە ئیتنی و کولتوورییەکانی کورد لە جەستەی دەوڵەتدا، چەندین ئامرازی بەکارهێنا و کەڵکی لێوەرگرتن، وەک لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێکرد کە بەشێکیان توندوتیژانی و کۆمەڵکوژی بوون.

لە دوای روخانی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و روخانی دەسەڵاتی بەعسیەکان لە سوریا ،دەسەڵات لە عێراق ڕۆڵێ پێچەوانە و دژ بە دامەزراوەیکردن و پەرەپێدانی و چەسپاندنی هاووڵاتیبوونە، رەنگریژی باڵادەستی و ژێر دەستی کردوە، هەربۆیە دەبینین لە دوای کۆتایی حزبی بەعس بەهەمان ریتمی و ستراتیژی بەعس دەوڵەت لە عێراق بنیات

sjh@univsul.edu.iq

نرایەوە کە شیعە باڵا دەستە و کورد و سونەش دەبێت بەخواستی ئەوان ئیدارەی دەوڵەت بدەن نەک هاوبەشی، بۆ سوریا بە هەمان شێوازە عەرەبی سونە باڵا دەستە گروپە ئیتنیەکانی تریش دەبێت بەخواستی شوناسی ئەوان مامەڵەبکەن. ئەگەرچی لە عێراق لە قۆناغی بەعس دەستورێکی سەپێنراوە هەبوو، بەڵام خۆ دوای بەعس دەستورێک هەیە بە هاوبەشی نوسراوەتەوە چوارچێوەی یاسایی بۆ زەمانەتی قۆرغ نەکردن و سەپاندنی دەسەڵاتی دیاریکردوە، بەڵام لەروی پراکتیزەکردنەوە پێچەوانەی ئەو چوارچێوەیە یاساییە مامەڵە لەگەل کورد دەکرێت هەر ئەمەش وایکردوە کە دابڕانێکی گەورە لە نێوان پێکهاتە گروپی ئیتنی و مەزهەبی دروست بکات هەست بە ئارامی و ممتانەی دەوڵەت نەکەن بەدوای بەدیلی تردا بگەرێن لە پێناو پاراستنی ئاسایشیان.

هەروەها ئەوانەی ئیدارەی دەوڵەت ئەدەن لە عێراق و لەسوریاش ئەم شێوە لە مامەڵە لەگەڵ شوناسی ئیتنی کورد، لە هۆشیاری دەستەجەمعی دەچەسپێنن و لە رێگە بڵاوکردنەوەی دەیان پروپاگەندە (لەوەی کورد بوە بەپێگەی ئیسرائیل و هەرێم هۆکارە بۆ لاوازی عێراق و داهاتی بەسرە هەرێم ئەیبات، کورد لەسوریا داوای پشتگیری لە ئیسرائل دەکات) ، ئەمەش وایکردووە جۆرێک لە رەوایەتی بە مامەڵەی خراپی بدات لەگەڵ کورد. بۆنمونە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق بەو پاساوانە مامەڵەی خراپ لەگەڵ هەرێم دەکات وە رەوایەتی دەدات بە مامەڵەکانی. ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەت دەبوایە هانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هەلی ئینتیمایەکی نیشتمانی بدات لەرێگەی مامەڵەی دروست بێ جیاوازی نەک سەپاندنی خواستی ئیتنی زاڵی مەزهەبی بەسەر ئەوانی تر و ئیدیعای ئەوەش بکات ئەمەیە شوناسی دەوڵەت و دەبێت هەمووان ئینتمایان بۆی هەبێت ئەوەشی پێچەوانەی ئەم شوناسە هەڵسوکەوت بکات هەوڵی تێکدانی عێراق دەدات.

سیاسەتی دەوڵەت لە عێراقی دوای ٢٠٠٥ گرنگی بە پاراستنی ناسنامەی گروپی ئیتنی –مەزهەبی شیعە دەدات وەک شوناسی نیشتمانی دەیخاتە روو و نمایشی دەکات، لە کاتێکدا ئامێزان وبەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵگەیەکی فرە کولتوری تەواو پشتگوێ خستوە تەنانەت ئاسایشی کۆمەڵگەیی گروپە ئیتنەکان بە تایبەت کوردی خستوەتە مەترسیەوە .هەروەها کەمتەرخەم بووە لە دروستکردن و بەهێزکردنی کەناڵەکانی گفتوگۆ و کارلێکی راستەقینەی نێوان پێکهاتەکان، کە ئەمەش گرنگە بۆ گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیری دەوڵەت، بەڵام دامەزراوەکانی دەوڵەت شکلێکی مەزهەبیان بە سیتەمی سیاسی داوە لە هەمان کاتدا بە شوناسی نیشتمانی عێراقی دەزانن و هەوڵی سەپاندنی دەدەن بەسەر گروپە ئیتنیەکانی تر.

لەم سۆنگەیەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە هەڵسوکەوتی دەوڵەتداری لە عێراق و سوریا هاوشێوەی سەپاندنی شوناسە لە قۆناغی ناسیونالیستی توندرەوی عەرەبی لە عێراق و سوریا بەڵام ئەوەی جیایی ئەکاتەوە تەنها گۆرینی ئامرازەکانی پیادەکردنیەتی. ئەو ئامرازانەی شوناسی داتاشێنراو کە پیادە ئەکرێن بریتین لە:

**یەکەم -پێشێلکردنی مادە دەستوریەکان**

وەک ئاشکرایە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ هەوڵی نوسینەوەی دەستوری عێراقی نوێ درا و سەرئەنجام لە ساڵی ٢٠٠٥ لە راپرسیدا دەستوری نوێ خرایە راپرسی و چەسپا، ئەم دەستورە نوێیە لەسەر بنەما ی هاوڵاتی بوون و هاوبەشی کردنی پێکهاتەکانی عێراق لە بەرێوەبردنی دەوڵەتدا هاتەبوون چەندین مادەی دەستوری وەک زەمانەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وزەمانەی پێکهاتە ئیتنی و مەزهەبیەکان تیادا بوو، لە ناوئەوانەشدا چەند مادەیەکی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان و مافەکانی گەلی کوردەوە هەبوو لەوانەش مادەی (١٤٠) و هەورەها مادەی (٦٥) پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی (مجلس الاتحادي) (دەستوری عێراق،٢٠٠٥) . بەڵام ئەو دوو مادەیە لە لایەن گروپی ئیتنی زاڵ کە شیعەکانن پەکخران ئەمە لە کاتێکدا زەمانەتێکە بۆ ئەوەی کورد وەک هاونیشتمانیەک لە خۆی بروانێت لە عێراقدا.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە ڕەهەندی شوناسی داتاشراوەو پرسی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراەکان ئەگەر لای کورد وەک توخمێکی سەرەکی ئاسایشی کۆمەڵگا وێنا بکرێت بۆئەوەی هەستی بە شوناسی نیشتمای عێراق بکات، بە پێچەوانەوە لای عەرەبی عێراقی (شیعە و سونە) وەک پرسێکی هەڕەشە ئامێز تەماشا ئەکرێت . ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان چارەسەر بکرایە و واتە مادەی (١٤٠) جێبەجێبکرایە خۆ هەر لە چوارچێوەی سەروەری عێراقدابوون و لێی جیانەدەبونەوە، رەنگە شوناسی عێراقی بونی لای کوردی بچاندایە، بەڵام پێچەوانە جێ بەجێ نەکردنی ئەو مادەیە ئەوەندەی تر کوردی لە شوناسی نیشتمانی عێراقی دورخستوەتەوە چونکە هەست بە هەڕەشە دەکا Martel،2023،(15) ، هەر ئەمەشە وای کردوە کورد پەنا بۆ هەڵێک ببات بۆ ئەوەی لە ئەوە تەنگەژە ئەمنیە خۆی ڕزگاربکات. ڕەنگە ریفراندۆم ترۆپکی ئەو دەرچەیە بێت، هەرچەندە ریفراندۆم خۆشی دەبێتەوە دەکرێتە پرسێکی ئەمنی بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەو شوناسە داتاشراوەی کە لە عێراقدا بەکورد دراوە ولەقاڵبدانەوەی بەرەو هەڵکشانی زیاتر برا کە ئاستی ململانێکانی گەیاندە ڕووبەڕوبونەوەی چەکداری لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی و سوپا ڕوویدا . ئەمەش ئەوەندەی تر ئاسایشی کۆمەڵگەی کوردی خستە بەر مەترسی.

ئەگەر لە سوریا تازە دەسەڵاتی بەشا ڕئەسەد ڕوخاوە ڕەنگە بڵێین جارێ زووە ئەم پرسە گفتوگۆ بکەین ، بەڵام وەک لەم ماوە کەمەدا بینیمان لەسەروبەندی ڕێکەوتنی نێوان مەزلوم عەبدی (سەرکردەی هێزەکانی سوریای دیمکرات) و ئەحمەد ئەلشەرعی (سەرۆکی کاتی سوریا) پرۆژەی دەستوری سوریا (دستور سوريا الجديد، ٢٠٢٥ )لەلایەن ئەحمەد ئەلشەرعەوە ئیمزا کرا کە نەک لە ئاستی پێگەی کوردا نیە لە ئێستای سوریا بەڵکو نزیکە لە مامەڵەی بەعسیەکان لەسوریا لەگەڵ کورد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو شوناسەی کە داتاشێنراوە بۆ کورد بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت نەک وەک شوناسی خودی ئێتنی کورد، ئەمەش نەک وابەستەی دەکات بە شوناسی نیشتمانی سوریا بەڵکو وەک هەڕەشەیەکە بۆ شوناسی ئێتنی کوردی ، چونکە لەراستیدا شتێک نیە بە ناوی شوناسی نیشتمانی سوریا جگە لە سەپاندنی شوناسی زاڵ سەردەمی بەعسیەکان بەڵام بە شێوازێکی تر و ئامرازی تر.

لەم چوارچێوەیەدا تەنها ئەو دەقە دەستوورییانەی کە لەگەڵ گروپی ئێتنی زال دەگونجێن جێبەجێ دەکرێت، کە بەداخەوە وەک دەستورێکی ناسیۆنالیستی دەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە لاوازی سەروەری یاسا، لە هەر دوو وڵاتەکەدا بەشدارە لە لاوازبوونی دەسەڵاتە دەستوورەیەکان و بێتواناییان لە ڕێکخستنی سیاسەت بە شێوەیەکی کاریگەر. تەنانەت کاریگەری لەسەر لێکدانەوە و جێبەجێکردنی بڕگە دەستوورییەکان هەیە، نەک بە پێچەوانەوە. دەستوورەکان ناتوانن بچنە ناو پرۆسەی سیاسی و داینامیکی دەسەڵاتەوە و سنووررداری بکەن بەڵکو وەک ئامراز مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکرێت، هەموو ئەمانەش شوناسی نیشتمانی لاواز دەکات، هەوڵیش دەدرێت بەپێی شوناسی داتاشێنراو بۆ کورد مامەڵە بە دەقە دەستوریەکان بکرێت، چونکە ئەو مادانەی کە لە بەرژەوەندی کوردن پەکدەخرێن و بە پێچەوانەشەوە هەندێک لە دەقەکانی دژ بە کورد بەکاردەهێنرێت یان کورد بە پێشل کردنی دەستور تۆمەتباردەکرێت.

**دووەم - بەکارهێنانی سوپا وەک هەڕەشە نەک پاراستن :**

حکومەتی عێراق لە دوای بەعس کە لەسەر بنەمایی دەستور پێک هات یەکێک لە بنەماکانی ئەوە بوو کە نابێت سوپا لە ململانێ سەربازیەکان نێوان پێکهاتەکانی عێراق بەکاربهێنرێت وەک لە مادەی ٩٩ برگەی یەکەم خالی أ(... سوپا بەرگری لە عێراق دەکات نابێتە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی گەلی عێراق ودەستوەردان لە کاروباری سیاسی) (دەستوری عێراق، ٢٠٠٥). بەڵام چەندین جار سوپا لە دژی کورد بەکارهێنرا بۆنمونە بەکارهێنانی سوپا لە ململانێکان لە سەردەمی مالکی دژ بە کورد کە چەندین جار تا ئاستی نزیک بونەوە لە ڕووبەڕوبونەوە گەیشتون بۆ نمونە سەرۆک وەزیرانی پێشووی

sjh@univsul.edu.iq

عێراق نوری مالکی لە وتاری هەفتانەی خۆیدا لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩ هێرشێکی توندی کردە سەر هەرێمی کوردستان داوای لە سەرکردە کوردەکان کرد واز لە گۆڕینی هەولێر بهێنن کە کردویانەتە (ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی داعش ) ،هەروەها جەختیشی لەوە کردەوە کە عێراق لە بەرامبەر ئەم کارەدا بێدەنگ نابێت. (جزیرة، ٢٠١٤)

هەروەها لە بەشیی تری وتارەکەی ئاماژەی بەوەکرد "ئەوانەی باس لە هاوبەشی دەکەن لە سەرۆکایەتی کۆمار، وەزارەتی دەرەوە ئەوا هاوبەشی لە هەوڵێکی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی ئەم ژووری ئۆپەراسۆنە (مەبەستی ئەوەی کە هەولێر لەوە بوەستێنن لەوەی بوەتە ژووری ئۆپەراسیۆنی داعش و بەعسیەکان و تیرۆریستەکان)، هەروەها جەختیشی لەوە کردەوە کە "ئەوان دەدۆڕێن، خانەخوێشیان بە هەمان شێوە(واتە هەرێمیش لە دەست ئەدەن )، چونکە ئەوان مۆدێلێکی هاوبەشی نیشتمانی نەخستۆتەڕوو". هەر لە وتارەکەیدا ئاماژە بە بەهێزی سوپاکرد وتی (ئێستا سوپا بە زەبری هێزەوە شەڕ دەکات دوای ئەوەی درک بەوە دەکات کە دوژمن کێیە، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە) (جزیرة، ٢٠١٤).

هەروەها لە قۆناغی حوکمرانی سەرۆک وەزیرانی پێشوی عێراق حیدر عەبادی بە هەمان شێوە چەندین جار هەرەشەی بەکارهێنانی هێزی لە هەرێمی کوردستان کرد، تا دواجار لە رووداوەکانی ١٦/ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ سوپا و حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە و رووبەروبونەوەش رویدا چەند پێشمەرگەیەکیش شەهید بوون (الحرة العراق، 2017).

بەدەر لەهێزی سوپا و حەشدی شەعبی چەندین جار لە ڕێگەی ملیشیاکانەوە هێرش کراوەتە سەر هەرێم لە ڕێگەی درۆن شوێنی نیشتەجێ بوون و ژێرخانی ئابووی هەرێم بە ئامانج گیراوان دیارترنیان هێرش بۆ کێڵگەی گازی سروشتی کۆرمۆر.

سەبارەت بە خۆسەری لە رۆژئاڤا، لەگەڵ روخانی بەشار ئەسەد کە بە حساب گەلی سوریا لە دەسەڵاتی ستەمکار رزگاری بووە کەچی لەسەروبەندی روخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد هێزەکان (سوپای سوریایی ئازاد) کە بە هێزەکانی سەر بەتورکیا ناسراون هێرشی چریان دەستپێکرد بۆ سەر ئەو جوگرافیایەی لە ژێر دەسەڵاتی (خۆسەری لە رۆژئاڤا) یە بە دەر لەوەش لە چەند ناوچەیەک پەلاماری ناوچە کورد نشینەکنی دراوە لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی نوێ لە سوریا بە سەرۆکایەتی (احمد الشرع). (الحرة، ٣ ینایر٢٠٢٥).

ئەمانەش هەموویان جۆرێک لەترسی لای هاوڵاتیانی هەرێم و رۆژئاڤا دروست کردووە کە دامەزراوەکانی سوپا لە عێراق هەرەشەن لە سەر ئاسایش و سەلامەتیان بە هەمان شێوەی قۆناغی بەعس هەربۆیە هەست بە ئاسایشی کۆمەڵگەی ناکەن، چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ گەرەنتیکردنی سەلامەتی هاووڵاتیان لەلایەن دەوڵەتەوە لە هێرش و مەترسییەکان کە دەیانکاتە ئامانج، جا لە دەرەوە بێت یان لە ناوخۆی وڵات. بۆیە دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتیان، تا ڕادەیەکی زۆر، زامنی ژیانێکی شکۆمەندانەیە کە هەستی سەربەخۆیی و دڵسۆزی بە تاک دەبەخشێت بۆ ئەم میللەتە ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی پایەی دارشتنی هاووڵاتیبوونە، کە لە بەرامبەردا بەستراوەتەوە بە ناسنامەی نەتەوەییەوە. بەڵام بە پێچەوانە مامەڵکردن و بوونی خودی سوپا بە هۆکاری نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هاوڵاتی وای لێدەکات سازش لەسەر پەیوەندیی نیشتمانی و ناسنامەی خۆی بکات، یان لانیکەم پەنا بۆ ناسنامە لاوەکییەکانی ببات، کە پێی وایە دەتوانێت ئاسایشی بۆ گەرەنتی بکات(مجموعة مؤلفین، ٢٠١٣، ١٤٠). ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە لە عێراقدا و سوریای نوێدا بەدی ئەکەین.

هەرکاتێک گروپێکی ئیتنی ڕووبەڕووی دوژمنێکی دەرەکی یان ناوخۆیی بووەوە - کە هەڕەشە لە گروپە ئیتنیەکەی و سەرفرازیی، نەریت و کولتووری وخاکەکەی و پێگەی نێودەوڵەتی، یان سەروەرییەکەی بکات ئەوا دەست دەکات بە خۆپاراستن و روبەروبونەوە نەک ئامێزان بون (Berdún i،2007 ،(12).

چونکە بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی پێویستی بە بناغەیەکی باشی پەروەردە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کاری دامەزراوەیی و شتی تر هەیە کە هاوڵاتی بتوانێت لە سەرووی ناسنامەی گروپە ئیتنیەکانی خۆیەوە هەڵبستێت بە شانازیکردن بە ناسنامەی نیشتمانی(مجموعة مؤلفين، ٢٠١٣، ١٣٦)

**سێیەم - بەکارهێنانی دامەزراوەکان دژ بە کورد**

لە دوای پەسەندکردنی دەستوری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ و پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەران ودەسەڵاتی دادوەری و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، پێکهاتەی سیستەمی سیاسی بە شێوەیەکی هەڵە بنیاترایەوە ئەمەش بوو بەهۆی نائارامی سیاسی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ودابەشکاری زیاتر ،وبنیات نانی دەوڵەتی لەسەر بنەمای شوناسی هاوبەش دورخستەوە بەڵکو بە هەمان روانگەی بەعس شوناسی بۆ کورد داتاشیەوە، بەڵام بەئامرازی جیاواز.

زۆر کات ئەم دامەزراوانە مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک ئامرازی گروپی ئیتنی زاڵ بەرامبەر بە کورد بەکارهێنراون و هەوڵی پەراویزخستنیان داوە ومامەڵەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ ئامێزان نەبووە بەڵکو زۆرجار بۆ لە قاڵبدان بووە، بۆنمونە لە پرسی ئیدارەدانی هاوبەشی ناوچە کێشە لەسەرەکان یەکلای کردنەوەی کێشەی زەوی کشتوکاڵی جوتیارانی کورد، پرسی هاوکاریکردنی پێشمەرگە هەر ئەوەش پاساوی داوەتە دەسەڵاتدارانی هەرێم* کە بڵێن مافەکانی هەرێم لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدادەوە پێشل دەکرێن، چونکە لە سەردەمی مۆدێرن دا دەوڵەتداری پەیوەستە - ئەگەر تەنها بە ناو بێت - بە بنەما و بەهاکانی وەک هاووڵاتیبوون، خاکیبوون و سەروەری یاسایی دادپەروەرانە لە نێوان هەموو دانیشتوانی هەمیشەیی خاکی دەوڵەتدا(Roshwald،2015.4 ). بەڵام دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتی عێراق بەشێوەیەکی پەراوێزخستن و سزادان مامەڵەیان لەگەڵ سوناسی کورد لە عێراقی نوێدا کردوە بە شێوەیەک کە کاریگەری لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی کردوە رەنگە لێکەوتەکانی لە ئایندە خراپتربن. مەبەست لە ئاشتی کۆمەڵایەتی دۆخێکی هاوئاهەنگی و پێکەوە ژیانە لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و زۆرەملێ و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و قبوڵکردنی فرەچەشنی و کارلێکی ئاشتیانە و شارستانی لەگەڵ نەتەوە و ئایین و مەزهەب و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا(عمارة، ٢٠١٩، ١٨).

لەخوارەوە چەند نمونەیەک لەو پێشلکاری و مامەڵانەی دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەخەینە روو:

**1 - دادگای فیدراڵی**

لە دوای ریفرادۆمی ساڵی ٢٠١٧ دەسەڵاتدارانی عێراق تەنها بەوە نەوەستان کە فشاری سیاسی و یاسایی بخەنە سەر هەرێم بۆ لە قاڵبدانی و بێ هێزکردنی لە رێگەی پەرلەمان و حکومەت بەڵکو پەنایان برد بۆ دادگایی فیدراڵی بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێم ئەمە لە کاتێکدا، تا پێش راگەیاندنی ئەنجامدانی ریفراندۆم هیچ کات خۆی لەو پرسە

* تێبینی: باسکردن لە مامەڵەی دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە روانگەی شوناسی داتاشێنراوە بۆ کورد نەک بەرگریکردن لە ئیدارەدانی خراپ لە هەرێمی کوردستان بە پرسی نەوت وموچە.

sjh@univsul.edu.iq

پر کێشانەی کە لە نێوان هەرێم و بەغداد هەبوو نەدەدا وبەڵکو خۆی لێ بە دوور دەگرت چ پرسی دەسەڵاتەکان یان پرسی موچە یان پرسی هەناردەکردنی نەوت.

**2 - ئەنجومەنی نوێنەران**

بەهۆی زۆرینەی گروپی عەرەبی (سونە و شیعە) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، هەمیشە یەکێک لەو پرسانەی جێگەی مشتومر بووە لە ئەنجومەنی نوێنەران پشکی هەرێمی کوردستان بووە لە داهاتی عێراق هەربۆیە ساڵانە لە کاتی گفتوگۆکردن لە ناو ئەنجومەنەکەدا کێشە دروست دەبو لە دەرەوەی ئەنجومەنەکەش هەمیشە نەگەیشتنە ئەنجام هەربۆیە هەرێم ناچار پەنای بۆ فشاری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەبرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و پێدانی مستەحەقاتی خۆی دەرئەنجامی ئەو فشارانە پشکی هەرێم لە ساڵەکانی (٢٠٠٧ تاکوو ٢٠١٣ )* دیاردەکرا، دواتر لە کاتی جێبەجێکردنیشدا سەرلەنوێ کێشەی بۆ دروست دەبویەوە.

لەلایەکی ترەوە مامەڵە ی ناجۆر بەو پرسانەوە دەکەن کە پەیوەندیان بە شوناسی قوربانیدانی کوردەوە هەیە، بۆنمونە دوای هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان حکومەتی عێراقی ناچار کرا پرسی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە پەسەندبکات لە ئازاری ساڵی ٢٠٢٣و رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بکات بەڵام نزیکەی دوو ساڵە ئەو پرسە لە ئەنجومەنی نوێنەران راگیراوە(السومرية،2025).

**3 - حکومەت**

فیدرالیزم لەعێراقدا دۆخی لە خۆوە پەسەندکراوە نەبوە لەلایەن هێزە سونی و شیعەکان بەڵکو قەبوڵکردنی بەناچاری بووە چونکە فیدرالیزمی هەرێمی کوردستان وەک دیفاکتۆیەک لە عێراقدا پێش دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ خۆی سەپاندبوو، ئەگەرچی لە مشتومری دەستور نەیاری زۆربوون تەنانەت لە لایەن نوخبەی ئەکادیمی لە عێراق بەڵام سەرئەنجام لە دەستورری ٢٠٠٥ بە فەرمی چەسپێنرا، بەڵام لە رووی پراکتیزەکردنەوە مامەڵەی دروستی لەگەڵدا ناکرێت.سەبارەت بە سوریاش ئەوا وەک هەرەشە لە یەکپارچەی خاکی سوریا هەژمار دەکرێت ئەمە لە کاتێکدا هەرێمی رۆژئاڤا لە سوریا وەک دیفاکتۆیەک بوونی هەیە لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە. لە بارەی ئەوەی کە فیدراڵیزمی راستەقینە دەبێتە مایەی ئەوەی وڵاتێک بە یەکپارچەی بهێڵێتەوە ماریە مونتسیرات (Maria Montserrat) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (The Identity of Nations) ئاماژە بەوە دەکات کە لامەرکەزیەتی سیاسی کاتێک کە پلەیەکی بەرچاو لە خۆبەڕێوەبەری و دروستکردنی دامەزراوەی هەرێمەکە ودەستراگەیشتن بە سەرچاوەی بەرچاو لەگەڵیدا بێت ئەوا دەبێتە مایەیی سەرهەڵدانی دوو شوناسی(شوناسی گروپی ئیتنی و شوناسی نیشتمانی) بەڵام نابێتەهۆی لاوازکردنی شوناسی نیشتمانی بەڵکو دەبێە هۆی بەهێزبونی شوناسی نیشتمانی(i Berdún،2007، 9).

بە پێی گریمانەکەی ماریە مونتسیرات فیدرالیزم ئەگەر دەرئەنجامی گروپی ئیتنی لە وڵاتێکدا بێتە بوون ئەوا دوو شوناسی دێتە کایەوە (شوناسی ئیتنی -هەرێم و شوناسی نیشتمانی-دەوڵتی) واتە بۆنمونە لە عێراق و سوریادا بە دەر لە شوناسی نیشتمانی دەوڵەتی عێراق یان سوریا ئەوا لە پاڵیدا شوناسی کوردیش هەیە، ئەڵام ئەم دوو شوناسیە مانایی لاوازبونی شوناسی نیشتمانی نیە بەڵکو دەکرێت ببێتە مایەی بەهێزبوونی شوناسە نیشتمانیەکە ئەگەر گروپیە ئیتنیەکە هەست بە دڵنیایی شوناسیان بکەن.

* لە دوای ساڵی (٢٠١٤-٢٠٢٢) پشکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی برا لەساڵی٢٠٢٣ بودجە (٣ساڵ ) پەسەند کرا و ساڵانە تەنها هەمواری تیادا دەکرێتەوە) لە کاتی پەسەنکردنی بودجە ساڵی ٢٠٢٢ بەشێک لەهێزە عەرەبیەکان وەک سزادانێک مامەڵەیان بە پەسەندکردنی بودجەوە کرد بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بەوە دەکات فیدرالیزم یەکپارچەی خاکەکە دەپارێزێت "جگە لەوەش لامەرکەزییەتی سیاسی مەیلی پەرەپێدانی جیابوونەوە نییە، واتە وەرگرتنی دەسەڵات بە گشتی تەحەدای یەکپارچەیی سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوە ناکات. من ئیدیعاکانم بە بەراوردکردنی بەریتانیا، کەنەدا و ئیسپانیا وەک سێ حاڵەت پاساو دەهێنمەوە کە تا ئێستا دەیسەلمێنن کە لامەرکەزی – لەوانەش ئۆتۆنۆمی سیاسی و فیدرالیزم – جیابوونەوە ڕام دەکات، چ بە پێشکەشکردنی دەسەڵات و سەرچاوەی بەرچاو بەو کەمینە نیشتمانیانەی کە هەوڵی جێگیرکردنی دەدات و چ بە ڕاکێشانی نوخبە سیاسییەکانی هەرێمەکان بە دەسەڵات و ئیمتیازاتی وەرگرتنی دەسەڵات(i Berdún، 2007، 9).

وێنەیەکی ئەرێنی شوناسی نیشتمانی ڕۆڵی دەبێت لە زیادبوونی کاریگەریی هەرێمی و جیهانی، سەرئەنجام دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانەی گشتی بە دەوڵەت و توانای ئەوەی بۆ دەرەخسێنێت کە ڕۆڵێکی گرنگ تر و کاریگەرتر ببینێت.

لە عێراقی دوای ٢٠٠٥ هەمیشە ترس لای گروپەکانی شیعە و سونەهەیە کە بەهێزی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوونی عێراق هەربۆیە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی بەهێزبوونی هەرێم دەکەن وەک بینمیان لە دوای ریفراندۆمی ٢٠١٧ دەسەڵاتدانی بەغداد هەموو ڕێگەیەکیان گرتە بەر بۆ ئەوەی بە تەواوەتی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن. ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی ڕەنگە ببێتە مایەی نا ئارامی عێراق و نەبوونی سەروەری تەواو بە سەر خاکەکەیدا مامەڵەی خراپی بەغداد و هێزە شیعەکانە لەگەڵ گروپە ئیتنیەکان بە گشتی و کورد بە تایبەتی، چونکە بە شێوە شوناسە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات کە بۆی داتاشیوە نەک ئەو شوناسیەی کورد خۆی هەڵگریەتی. کاتێک شوناسی ئیتنی بەو شێوەیە نابینرێت کە دەیەوێت ببینرێت یان بەو شێوەیەی کە هەوڵی بینینی دەدات یان بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت کە خاوەنیەتی، ئەوا هەست بە مەترسی گەورە لەسەر بوونی سیمبۆڵەکانی دەکات وهەوڵی خۆپاراستن دەدات تا ڕادەی پەنابردن بۆروبەروبونەوەش بۆئەوەی هەرەشەکان لەسەر خۆی کەمبکاتەوە.

بیرۆکەی یەکسانی لە نێوان ئەو گرووپە ئیتنیانەی کە لە عێراق سوریا و ئێران و تورکیا نیشتەجێن و ئەگەر سود مەندبن لە ئاستێکی دیاریکراوی خۆبەرێوەبەری و مافی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتانە، دەتوانێت ببێتە هۆی بیرۆکەی کۆنفیدراسیۆنی کولتووری بەبێ ئەوەی زیان بە سنوورە سیاسییە فەرمییەکان بگەیەنێت(سعید، ٢٠٢٢، ١٣٠).

ئەم دۆخەیەی کە کورد لە سوریا وعێراق تیادا دەژی دوخێکە میچەل هۆگ بە نادڵنیای شوناس(uncertainty–identity) ناوی دەبات. تیۆری نادڵنیایی شوناس لەسەر پرنسیپی هەستکردن بە نادڵنیایی لە تێروانین، هەڵوێست، بەها، یان هەستەکردن بە نائارامی دامەزراوە. لە باشترین حاڵەتدا ئەمە تەحەدایەکی وروژێنەرە دەبێت لەپێناو چارەسەرکردنی ڕووبەڕووی ببێتەوە. نادڵنیایی پرسێکی پرکێشەیە و وامان لێدەکات توشی ناسەقامگیری و گرژیمان بکات، بەڵام کە نادڵنیایی شوناس چارەسەر بوو هەستی ڕەزامەندی و بەشداری کارامان پێدەدا(Hogg،2007 ،69). بەڵام ئەگەر هەستمانکرد سەرچاوەی پێویستمان لەبەردەست نیە بۆ چارەسەرکردنی نادڵنیاییەکە، ئەمە دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێ وهەڕەشەکردن، وامان لێدەکات هەست بە بێتوانایی بکەین و نەتوانین پێشبینی بکەین یان کۆنتڕۆڵی جیهانەکەمان بکەین یان چیمان بەسەر دێت(Hogg،2014 ،339).

بە ڕوانین لە تیوری نادڵنیایی-شوناس ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە یەکێک لەو ئاڵەنگاریانەی کە کورد لە سوریا و عێراق ڕووبەڕووی بوەتەوە نادڵنیایە لە شوناسی چونکە بە ئومێدەوە لە دۆخی دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعسی لە هەردوو وڵات ڕوانیوە ئومێدی هەبوە بە ئەوەی ئەو نادڵنیایەی لە شوناسی چارەسەر ببێت، بەڵام دواتر کە دەبینێت گرفتەکانی نادڵنیایی لە

شوناس بەردەوامیان هەیە و سەرچاوەی پێویست بەدی ناکات بۆ رەواندنەوەی نادڵنیایەکە، ئەوا هەست بە بەردەوامی هەرەشە دەکات بۆیە ناچارە پەنا بۆ بەرەنگاری بونەوەی هەرەشەکان بکات لە شوناسەکەی.

**چوارەم /گوتاری سیاسی**

مەبەستم لە گوتاری سیاسی ئەو گوتارە سیاسیە ئێتنی یە هەیە کە لەلایەن کەسایەتیە سیاسیەکان چ لە نێو حزبەکان یان پەرلەمان یان نێو حکومەتدا بن کە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە روانگەیەکی ئێتنی زاڵەوە ئاراستەی هەرێمی کوردستانی دەکەن، نەک شوناسی نیشتمانی کە خۆیان ئیدعای بۆ ئەکەن. بەڵکو ئەو جۆرە گوتارانە لە روانگەی شوناسی داتاشێراوە بۆ کورد ئاراستەی دەکەن بەوە ی ئەو سنوری شوناسیەی بۆی داتاشێنراوە بەزاندوە هەربۆیە هەرەشەیە لەسەر یەکپارچەی خاکی عێراق یان بە شێوەیەکی تر کە گوزارشتی لێدەکەن.

بۆ نمونە، لەدوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێواق (٢٠١٠) دەرچوو، تاریق ئەلهاشمی، سەرۆکی هەمان لیست، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، دەبێت پۆستی سەرۆک کۆمار عەرەبی سونی بێت(الهاشمي، ٢٠١٣،١٤٦). ئەمە لە کاتێکدا بوو وەک عورفێک پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد بوە لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لە دوای روخانی دەسەڵاتی بەعسیەکان. تاریف ئەلهاشمی جارێک تریش لە ساڵی ٢٠١٤ دوای داگیرکردنی بەشێک لە عێراق لەلایەن (داعش)ەوە لە چاوپێکەوتنێکی لە بەرنامە (حوار لە کەناڵی فرانس ٢٤) جەختی لەسەر هەمان هەڵوێستی کردەوە( فرانس٢٤،٢٠١٤) .

ئەم جۆرە لە هەڵوێستانە لەلایەن دەیان لە پەرلەمانتار وکەسایەتیە شیعەکانەوە رۆژانە لە کەناڵەکان و ناو پەرلەمان گوێبیستی ئەبین کە هەرجارەوە بە شێوەیەک هەرێمی کوردستان تۆمەتبار دەکەن، لەوانەش بۆنمونە جودا خوازر، مۆڵگەی زایونیزم و بە جنۆکەکردنی کورد و هتد، ئەمە بەدەر لەو هەڵوێستە شاراوانەی کە سەرکردەکانی شیعە و سونە بەرامبەر بە شوناسی کورد هەیانە، لەم بارەیەوە مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی پێشوی عێراق لەچاوپێکەوتنکدا لە کەناڵی (ای نیوز – برنامج نفس عميق) لە رێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٢ ئاماژەی بەوە کرد بە تێروانی شۆفینیانە مامەڵە لەگەڵ کوردا دەکرێت و وتی :" پێویستمان بە پەیوەندیە لە نێوان هەرێم وبەغداد لە سەر بنەمای نیازپاکی و متمانە ......بەڵام بەداخەوە دۆخێکی تۆڵە سەندنەوە لای هەنێک لە بەغداد یان تێروانینێکی شۆفینیانە هەیە لەلایەن هەندێک لە بەغداد بەرامبەر کورد پێویستە ئەم تێروانیە دەربکەین لە مێشکمان و دانبنێین بە وەی کە هاوڵاتی عێراقین و هاوبەشمانن لە هاوڵاتی بوون و جیاوازن لە گەڵمان لە زمان لە جلوبەرگ وجوگرافیا و ژینگە...... و دەبێت تێگەیشتنمان هەبێت بۆ ترسی کورد(اي نيوز،٢٠٢٥)".

ئەم هەڵوێستانە ئاماژەی ترسناکن کە جۆرێک لە پەراوێزخستن و لە قاڵبدان کە دەرئەنجامی ئەو تیفکرینە تەسکەیە بۆ شوناسی کورد لە عێراق کە سەرچاوەکەی لە عروبەی بەعسەوەیە بەڵام ئامرازەکەی جیاوازترە. بەردەوامی ئەم جۆرە لە گوتاری سیاسی لە چەند ساڵی رابردوودا کاریگەری لە سەر تێروانی کۆمەڵگایی عەرەبی شیعە و سونەی عێراقی کردوە کە بە چاوێکی هەرەشەوە لە کورد بروانن، تەنانەت کاریگەری لە سەر بەکارهێنانی هەندێک زارەوەکردوە کە لە پێشتر تەنها لە لایەن بەعسیەکانەوە بەکاردەهێنران بۆنمونە لە ئێستا لە جیاتی وشەی هەرێمی کوردستان وشەی (شمال العراق ) بوەتە وشەیەکی باو لە ئاستە کۆمەڵایەتیەکانداکە ئەمەش رەنگدانەوەی گوتاری سیاسیەکانە کە رەنگە لە ساڵانی ئایندەدا لێکەوتەی خراپتری هەبێت.

هەر لەم بارەیەوە (بیت الاعلام العراقي) لە سێیەمین راپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە وتاری رق و کینە لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر ناونیشانی (فەرهەنگی رق: ئەو زاراوانەی کە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی عێراق دەدەن) باسی لە چەندین زاراوە و وشەسازی کردووە کە لەم میدیانەدا باسیان لێوە دەکرێت بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە کولتوری جەماوەری لەنێو ئەو

زاراوە و دەربڕینانەی دژی کورد هەبوون، کە بریتین لە: شێرپەنجەی عێراق، کوردە خائینەکان، دزەکانی نەوتی ، کوردی بەکرێگیراوان ، کورد جولەکەی عێراق و ئیسرائیلی عێراق، جوداخوازانی عێراق)(یاس ،٩،٢٠١٩).

بە تەماشاکردنی دۆخی عێراق لە دوای ٢٠٠٣ عێراق نەک بەرەو بنیاتنانی شوناسی نیشتمانی نەچوو بەڵکو هەر لەسەرەتاوە هەستی تایفەگەری لە نێوان لە نێوان دوو مەزهەبی سەرەکی موسڵمانان لە عێراقدا سەریهەڵدا ئەوانیش شیعە و سونە ئەمە لە کاتێکدا دەسەڵاتدارنی کورد بەهیچ شێوازێک باسی جوداخوازیان لە عێراق نەدەکرد. سەرئەنجامی ململانێی تایفەگەری عێراقی خستە دۆخێکی ترسناک و جەنگی تایفەگەری وبە تەواوەتی دامەزراوەکانی پەک خست وکردنی بە دامەزراوەی ئیتنی زاڵ کە ئەویش شیعەکانن. شیعەکان بە بیانووی حوکمڕانی زۆرینە داوای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە وڵات دەکەن و پلانیان هەیە ئەوان زاڵبن، لە کاتێکدا سوننەکان سەریان سوڕماوە لە پێچەوانەبوونەوەی دۆخەکە و لێکەوتەکانی. پلاتفۆرمەکانی ناسنامەی تائیفی چەند هێندە زیادی کردووە، لەوانەش محاصەصەی لە پۆست و هەلی کارەکانی حکومەت و ئیداریدا. میدیاکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، ڕادیۆکان، ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان، هەروەها یان و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان، لەسەر حیسابی ناسنامەی نیشتمانی، دەستیان کردووە بە پەرەپێدانی ناسنامەی لاوەکی(الهاشمي،١٤٠،٢٠١٣).

ئەو ناسە قامگیرییە ی کە عێراق لە رۆژی دامە زراندنیە وە تا ئێستا بە خۆیە وە بینیوە و شکستە کانی پرۆسە ی نیشتمانیی لی کە وتووە تە وە دە گە رێتە وە بو ململانێ و پێکدانە کانی شوناس لە نیوان گروپە ئیتنییە نە تە وە ییە کان و مە زهە بییە کان لە ووڵاتە کە دا(کرمانج، ٢٠١٧،١٣).

ئەمەش ئەو پەیوەندی مەدەنیانەی ئەم وڵاتانە بەیەکەوە دەبەستنەوە زۆرجار لە بەرامبەر تەحەدیاتی ئیتنی زاڵدا لاواز دەبێت . لە غیابی پەیوەندی مەدەنیانە ئاستەمە هەستێک بۆ شوناسی نیشتمانی بێتە بوون(Roshwald، 2015، 4).

کەچی لە عێراقدا داوا لە کورد دەکرێت کە دەبێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ شوناسی نیشتمانی کە لە راستیدا شوناسی ئیتنی زاڵە ، ئەمە بەزۆری لەو حاڵەتانەدا ڕوودەدات کە گرووپێکی نەتەوەیی خۆی وەک هەڵگر یان خاوەنی کولتوورێکی باڵاتر یان پێشکەوتووتر دەبینێت، کە گرووپەکانی دیکەی ئیتنی دەبێ خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن چونکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان باشترە(Joireman، 2003 ، 24). عێراق لە وە تە ی دامە زراوە گیرودە ی قەیرانی شوناس بووە ئە مە ش بە و مانایە یە کە پرسی شوناس و ململانێکانی لە سە ر شوناس ئە و گرفتە گە ورانە ن کە عێراقیان لە ساتی دروست بوونیەوە تا ئیستا لە حالە تی دە لە مە پیدا هیشتووە تە وە بە واتایە کی دیکە پرسی شوناس گرفتی سەرەکیی دەوڵەتی عێراقە(کرمانج، ٢٠١٧،٣٦).

یەکێک لە بنەماکانی شوناسی نیشتمانی بریتیە لە سیمبوڵی مادی و معنوی بەڵام لە عێراق ئەم سیمبوڵانە لەوپەری لاوازیدایە یاخود هەر نیە بەڵکو سیمبوڵی گروپی ئیتنی زاڵە لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەرگی نیشتمانی پێ بدات و بیسەپێنێت بەسەر ئەوانی تردا لە چوارچێوەی ئەو شوناسەی بۆی داتاشیوە نەک شوناسی نیشتمانی.

دروستکرنی شوناسی نیشتمانی بە شێکی سەرەکی لەپرۆسەی نیشتمانسازی پێک دە هێنێت شوناسی نیشتمانی عێراقی یان کوردستانی ئاستێک بە رزترە لە شوناسی نە تە وە یی عە رە بی یان کوردی شوناسی نە تە وە یی زادە ی پرۆسە ی دروستبوونی نە تە وە یە و کۆڵە کە کە ی هە ستی نە تە وە یە رستییە کە چی شوناسی نیشتمانی زادە ی پرۆسە ی نیشتمانسازیە و کۆڵە کە کە ی چە مکە کانی هاووڵاتیبوون یە کسانییە دە رئە نجامی سە رکە وتووی نیشتمانسازی دروستبوونی ئە و هە ستە نیشتمانییە یە کە وا لە ئە ندامانی کۆمە ڵگە یە ک بکات کە شوناسیکی ها وبە شیان هە بێت شوناسی نیشتمانی لە سە ر دروستکردنی کۆمە ڵێک شوناسی هاوبەش رادەوەستێت لەوانە ئاڵای نیشتمانی سروودی

نیشتمانی رۆژە نیشتمانییە کان زمانی نیشتمانی ئە فسانە ی نیشتمانی یادە وە ریی هاوبە ش چارە نووسی هاوبە ش تا دە گاتە ستادیومی نیشتمانی و هێڵی ئاسمانیی نیشتمانی زانکۆی نیشتمانی و تا دوایی(کرمانج، ٢٠١٧، ٥٣).

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین پرۆسەی گواستنەوەی میراتی شوناسی ناسیونالیستی عروبەیی بۆ دەوڵەتی دوای ٢٠٠٣ لە عێرقدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزوو نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا گۆرانکاری لە سیستەمی سیاسی عێراقدا ڕوویداوە لە سیستمی تاک حزبییەوە بۆ سیستمێک کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و سیاسەتی فرەحزبی. سەبارەت بەسوریا هێشتا پەیکەری سیستەمەکە دیار نیە، بەڵام لە هەردوو وڵاتەکەدا ئەو گۆڕانکارییانە لە ناسنامەی (عروبە)دا گۆرانکاری ئەوتۆی تیایدا روی نەداوە، چونکە قووڵایی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پاشماوەکانی سیستەمی کۆن تا ڕادەیەک زۆر مایەوە و گۆرانی بەسەردا نەهات. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هێشتا ناسنامەی ئێتنی زاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرت. لە هەمانکاتدا هیچ کام لەم دوو وڵاتە نەیانتوانیوە بگەن بە ئاستی "ئاساییکردنی- تطبیع " کێشە وگرژییە بنەڕەتییەکانی نێوان گروپە ئێتنیەکان چ جای ئەوەی باسی شوناسی نیشتمانی بکەن، چونکە ئاسایکردنەوە سەرچاوەکەی لە شوناسی نیشتمانیەوە دەبێت نەک باڵادەست بۆنی شوناسی ئێتنی زاڵ.

**دەرئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا بەوە دەگەین سەرەرایی گۆانکاری لە سیستەمی سیاسی لە وڵاتی عێراق و سوریا کۆتایهاتنی دەسەڵاتی بەعسیەکان کە سیاسیەتی سەپاندنی شوناسی عروبەیان دژ بە کورد گرتبوە بەر ، کەچی سیاسەتی دەوڵەت لە عێراق و سوریا لە دوای رووخانی دەسەڵاتی بەعسیەکان گرنگی بە پاراستنی ناسنامەی گروپی ئێتنی زاڵ دەدات. واتە سیاسیەتی (ئێتنیککردنی سیستەمی سیاسی) گروپێکی ئێتنی زاڵیان گرتوە بەر. لەلایەکی تریشەوە لە روانگە شوناسی داتاشێنراوەوە مامەڵە لەگەڵ شوناسی ئێتنی کورددا دەکەن. چونکە تێفکرینی ئەو شوناسە داتاشێنرراوە پەروەردەیەکی مێژووی دوور و درێژە کە بەعسیەکان دەستیان پێکردوە مەحاڵە کۆتاییان پێ بهێنرێت. لەکاتی ململانێی سیاسی و قەیرانەکاندا کە لە وتارەکانی سەرکردە و دەسەڵاتدارەکانیان دەروانیت بە روونی تێفکرینەکە هەمان تێفکرینی بەعسیەکانە بەڵام لە کاتی پیادەکردنیدا مەحاڵە وەک قۆناغی سەردەمی بەعسیەکان جێ بەجێ ببێت، هەربۆیە بە ناچاری ئامرازەکانی پیادەکردنی گۆرانی بەسەردا دێت.

لەلایەکی تریشەوە یەکگرتن و بەهێزکردنی ئامێزان لە کۆمەڵگەیەکی فرە کولتوری وەک عێراق و سوریا تەواو پشتگوێخراوە. لە هەمان کاتدا دەوڵەت کەمتەرخەم بووە لە دروستکردن و بەهێزکردنی کەناڵەکانی گفتوگۆ و کارلێکی ڕاستەقینەی نێوان پێکهاتەکان. نەک ئەمەی نەکردوە بەڵکو ئاشتی کۆمەڵگای لە عێراق و سوریا خستوەتە بەر هەرەشەو وەترسی، کە دەرئەنجام دۆخێک هێناوەتە کایەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ قۆناغی دەسەڵاتی بەعسیەکان بەڵکو ئەوەی جیاوازە تەنها ئامرازەکانن .

بابەتی ململانێکانی کورد لە گەڵ دەسەڵات لە عێراق و دەسەڵات لە سوریا دیاریکردنی ناسنامەی کوردە. عێراق و سوریا بۆ ئەوەی بی سەلمێنێت یەک ناسنامە و یەک بەرژەوەندی هاوبەش و لێکچوی هەیە چ لەوکاتەی سونەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، چ لەوکاتەی دەسەڵات لای شیعەکانە هەمیشە هەوڵی لاوازکردن و سرینەوەی شوناسی کوردی دراوە و لە بەرامبەردا هەوڵیان بۆ سەپاندنی شوناسی گروپی ئێتنی خۆیان داوە بەسەر شوناسی ئێتنی کورد، هەرئەمەش سەرچاوەی کێشەکانە. کە ئەمەش وای لە کورد کردوە کە نادڵنیایی هەبێت لە شوناسی خۆی، هەربۆیە پەنای بۆ رووبەروبونەوە و بەرگریکردن بردوە، تاکو ئەم پرسی شوناسی داتاشێنراوە چارەسەر نەبێت، و کورد بەو شێوەی هەڵگری شوناسی خۆیەتی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت مەحاڵە ململانێکان کۆتاییان پێ بێت چ لە عێراق بێت یان سوریا، یان تەنانەت لە تەواوی ناوچەکە.

sjh@univsul.edu.iq

**سەرچاوەکان**

**یەکەم - دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.**

**دووەم - سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

1. سکۆت واتسن ، ئاسایشی کۆمەڵگایی بەکارهێنانی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی لە دارشتنی ناسنامەی کوردیدا، وەرگێرانی فرهاد جلال، کۆڤاری کوردۆلۆجی ژمارە (١) ٢٠٠٨ .
2. شێرکۆ کرمانج ، شوناسی عێراق :ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبیەکان، دەزگایی چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠١٧.

**سێیەم -سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

1. افيل روشفال، القومية العرقية وسقوط اإلمبراطوريات، المركز القومي للترجمة، ترجمة: عاطف معتمد و عزت زيان،القاهرة،2011.
2. د. رشيد عمارة ياس و م. فاروق عبدول مولود، دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣، مجلة الدراسات السياسية والأمنية - العدد 3 - المجلد 2، ديسمبر 8، 2019.
3. فايز عبد الله الصاف، الأقليات وأثرها في استقرار الدولة القومية أكراد العراق نموذجاً، جامعة الشرق الأوسط للدراسات العليا، الاردن، ٢٠١٠.
4. مجموعة مؤلفين عشر سنوات هزت العالم عقد على احتلال العراق، مركز العربي للابحاث والدراسة السياسات، د. حميد الهاشمي ، ميكانيزمات العيش المشترك وأزمة الهوية ،2013 .

**چوارەم - سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1. Griffiths، Stephen Iwan. "Nationalism and ethnic conflict: threats to European security." *(SIPRI Research Report No. 5)* (1993).
2. Hogg، Michael A. "From uncertainty to extremism: Social categorization and identity processes." Current Directions in Psychological Science 23.5 (2014).
3. Hogg، Michael A. "Uncertainty–identity theory." Advances in experimental social psychology 39 (2007).
4. i Berdún، Maria Montserrat Guibernau. The identity of nations. Polity، 2007.
5. Joireman، Sandra. Nationalism and political identity. A&C Black، 2003.p12
6. Joireman، Sandra. Nationalism and political identity. A&C Black، 2003.
7. Jonathan S. Hearn، REVIEW: THE SOCIOLOGY OF NATIONALISM، Scottish Affairs، no.30، winter 2000 .
8. Jonathan S. Hearn، REVIEW: THE SOCIOLOGY OF NATIONALISM، Scottish Affairs، no.30، winter 2000 .

9. Kamusella، Tomasz. "Between civic and ethnic nationalism." Проблеми всесвітньої історії: науковий журнал 2 (4) (2017).
10. Kamusella، Tomasz. "Between civic and ethnic nationalism." Проблеми всесвітньої історії: науковий журнал 2 (4) (2017).
11. Martel، Francois Alexis. *The dual nature of identity fusion: a unifying force or a source of division?*. PhD Thesis. The University of Texas at Austin، 2023.، p 4
12. Roshwald، Aviel. "Civic and ethnic nationalism." Willy Online Library (2015).
13. Tamir، Yael. "Not so civic: Is there a difference between ethnic and civic nationalism?." Annual Review of Political Science 22.1 (2019).
14. Windari، Tri. "National identity attachment and its variables." Journal of International Women's Studies 22.3 (2021).

**پێنجەم – سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان**

1. ای نیوز، حلقة خاصة من برنامج نفس عميق مع رئيس الوزراء السابق مصطفى الكاظمي، تم زيارة الموقع في ٢٠٢٥/٣/٣ على الرابط:https://www.youtube.com/watch?v=3l5NkyIZEV4
2. جزيره نت، المالكي: أربيل تحولت إلى مأوى "للإرهاب"، ٢٠١٤/٧/ ، تم زياره الموقع فى ٢٠٢٥/٣/١٨: https://2u.pw/Z1OvoK04
3. الحرة العراق، قتلى في اشتباكات بين القوات العراقية والبيشمركة، ٢٠١٧/١٠/٢٠، تم زياره الموقع فى ٢٠٢٥/٢/١٨: https://2u.pw/eh19Fqey
4. الحرة، 24 قتيلا في معارك بين فصائل موالية لتركيا و"قسد"، ، ٣ يناير٢٠٢٥، تم زيار الموقع فى ٢٠٢٥/٣/١: https://2u.pw/4aLs0g1pc
5. سایتی KNN، ، بە درۆن هێرشکرایەسەر کێڵگەی کۆرمۆر، ٢٠٢٥/٢/٢، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٨ سەردانی ئەم لینکە کرا:https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=59734
6. فرانس ٢٤، طارق الهاشمي لفرانس 24 : أن تكون عربيا سنيا في العراق فأنت متهم، تم زياره الموقع فى ٢٠٢٥/٢/١ على الرابط: https://2u.pw/rNVnioEd
7. قناة السومرية، حلبجة تنتظر إقرار تحويلها إلى محافظة. تم زيارة الموقع ١٥،٣،٢٠٢٥على الرابط: https://2u.pw/rBFDwZew

**Abstract:**

In the aftermath of the Second Gulf War, international support created an opportunity for the Kurds in Iraq to establish self-governance in Iraqi Kurdistan within a defined geography. This led to the declaration of the Kurdistan Regional Parliament and Government in 1992, establishing themselves as a de facto entity within the framework of Iraqi sovereignty. Following the fall of the Ba'ath regime in 2003, a fundamental change occurred in Iraq's political system and form of governance, which presented a significant historical opportunity for the Kurds. It paved the way for constitutional recognition of the Kurdistan Regional Parliament and Government under the 2005 Constitution. However, despite these structural changes, the Kurds continue to be in a struggle with the federal government to implement the rights stipulated in the 2005 Constitution.

On another front, following the fall of Bashar al-Assad's regime in Syria in late 2024, while the prevailing narrative suggests the liberation of the Syrian peoples from an authoritarian power, indications do not suggest that the current authorities in Syria are more committed to the rights of ethnic, religious, and sectarian minorities than the Assad regime was. Consequently, the Autonomous Administration of North and East Syria (AANES), also known as Rojava, is facing a difficult confrontation with some of the forces currently governing Syria from Damascus.

This study highlights the concept of "Imposed Identity," which represents the attempts by the oppressive Ba'ath party authorities in both Iraq and Syria to assimilate the Kurdish identity into the crucible of Arab nationalism. In response, the Kurds were in a constant state of defense against this assimilationist policy throughout the Ba'ath regimes' rule. Accordingly, the core of this study focuses on the "Sculpted Identity," which is presented as a novel interpretation of how the federal government in Iraq, specifically Shi'a groups and parties, engages with the Kurdistan Region within the framework of an identity they themselves have sculpted, through which the Kurds are expected to be treated. This identity is considered an extension of the "Imposed Identity," but it is practiced through different mechanisms. In the same vein, and within the framework of the "Sculpted Identity," a similar approach can be observed in the treatment of the Kurdish identity in Rojava by the new administration and armed groups in Syria post-2024.

**Keywords:** Sculpted Identity, Imposed Identity, Arab Nationalism, Kurdish Identity, Kurdistan Region, Rojava.

sjh@univsul.edu.iq

**ملخص:**

في أعقاب حرب الخليج الثانية، ونتيجةً للدعم الدولي، سنحت فرصة للكُرد في العراق لإقامة حكم ذاتي في كردستان العراق ضمن جغرافيا محددة، وإعلان برلمان وحكومة إقليم كردستان عام 1992، وفرض أنفسهم ككيانٍ قائم بحكم الأمر الواقع (de facto) في إطار السيادة العراقية. بعد سقوط نظام البعث عام 2003، حدث تغيير جوهري في النظام السياسي وشكل الحكم في العراق، مما شكّل فرصة تاريخية مهمة للكُرد، إذ مَهّد الطريق لمنح غطاءٍ قانوني لبرلمان وحكومة إقليم كردستان في إطار دستور عام 2005. ولكن، على الرغم من التغيير في بنية النظام السياسي وشكل الحكم في العراق، لا يزال الكُرد حتى اليوم في صراع مع الحكومة الاتحادية لتطبيق الحقوق المنصوص عليها في دستور عام 2005.

من جانب آخر، وفي أعقاب سقوط نظام بشار الأسد في سوريا أواخر عام 2024، فعلى الرغم من أن الصورة العامة تشير إلى تحرر شعوب سوريا من سلطة استبدادية، إلا أن المؤشرات لا توحي بأن السلطة الحالية في سوريا أكثر إيماناً بحقوق الأقليات الإثنية والدينية والمذهبية من نظام الأسد. ولهذا السبب، تخوض الإدارة الذاتية لشمال وشرق سوريا (روج آفا) مواجهةً صعبة مع بعض القوى التي تحكم سوريا حالياً من دمشق.

تسلط هذه الدراسة الضوء على مفهوم (الهوية المفروضة)، والذي يتمثل في محاولات السلطات القمعية لحزبي البعث في كل من العراق وسوريا لصهر الهوية الكردية في بوتقة القومية العربية. وفي المقابل، كان الكُرد دائماً في حالة دفاعٍ مستمر ضد سياسة الصهر هذه طوال فترة حكم نظامي البعث. وعليه، فإن جوهر هذه الدراسة يركز على (الهوية المنحوتة)، والذي يُعد قراءةً جديدة لكيفية تعامل الحكومة الاتحادية في العراق، وتحديداً الجماعات والأحزاب الشيعية، مع إقليم كردستان ضمن إطار الهوية التي قاموا هم بنحتها، والتي يُفترض أن يتم التعامل مع الكرد من خلالها. وتُعَد هذه الهوية امتداداً لـ (الهوية المفروضة)، ولكنها تُمارَس بأدوات مختلفة. وفي السياق ذاته، وفي إطار (الهوية المنحوتة)، يمكن ملاحظة ممارسة نفس التعامل من قِبَل الإدارة الجديدة والجماعات المسلحة في سوريا بعد عام 2024 تجاه الهوية الكردية في روج آفا.

**الكلمات المفتاحية :**الهوية المنحوتة، الهوية المفروضة، القومية العربية، الهوية الكردية، إقليم كردستان، روج آفا.

sjh@univsul.edu.iq